# حەسەن زیرەک لە کولتووری زارەکیدا

**هەڵکەوت پشدەری**
**(کەنەدا)**

توێژەرانی موزیک و گۆرانیی کوردی لەسەر ئەوە کۆک و هاوڕان کە دیاردەی خۆبێژی (ارتجال improvisation) کۆڵەکەیەکی هەرە گرنگی موزیک و گۆرانیی کوردییە و ئەو خەسڵەتە لە گۆرانییە فۆلکلۆری و میللییە کوردییەکاندا دیارە. خۆبێژیش لە گۆرانیی کوردیدا، واتە هۆنینەوە و داهێنانی دەقی گۆرانییەک دەم و دەستانە و لەوکاتەی موزیک دەژەنرێت.

هەرچەندە خۆبێژی لە هونەری نەتەوەکانی ڕۆژئاوادا توێژینەوەی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام لەوێدا زۆرتر باس لە خۆبێژی لە ژەنینی موزیک دەکات، بە تایبەتیش موزیکی جاز، بۆیە ناتوانین بیردۆز و لێکدانەوەکانی لەو بوارەدا بۆ کولتووری ڕۆژئاوا کراون، وەک خۆیان بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی خۆبێژی لە گۆرانیی کوردیدا بەکار بهێنین، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لایەن هەن هەر دەبێت پەنا بۆ ئەو بیردۆزانە ببەین، بە تایبەتیش ئەوانەی لە دیاردەی خۆبێژی لە کۆئەندامی دەمار و دەروونناسیدا لێکۆڵینەوەیان کردووە، تەنانەت ئەو بۆچوون و لێکدانەوە فەلسەفییانەی لە زانستەکانی وەک کۆمەڵناسی، یان لێکدانەوەی کولتووری گەلاندا هاتوونەتە کایەوە، هەر بە سوودن.

خۆبێژی گەیاندن و پێوەندییە لە نێوان تاکێک (خۆبێژەکەیە) و کۆمەڵێک (کۆمەڵی کوردەوارییە)، ئەو پێوەندییەش لە پێناو ئامانجێکدایە، وەک زانای ئیتنۆمیوزیکۆلۆجی ئەمەریکایی ستیڤن فێلد Steven Feld باسی دەکات «گەیاندن لە کرۆکدا پێوەندیکردنە، گرنگە بایەخمان بۆ میکانیزمەکانی دیاریکردنی کۆمەڵایەتیی ئەو گەیاندنە هەبێت. گەیاندن بیرۆکە و کردار نییە، پرۆسەیەکی یەکتربڕینە تێیدا واتا، یان بێ واتایی بۆ شتەکان و ڕووداوەکان دروست دەبێت» (Feld, 1984, p. 2). بە واتایەکی دیکە، کردەی خۆبێژەکان کردەیەکی کۆمەڵایەتی و گەیاندنە، خۆبێژ پەیامی هەیە بیگەیەنێتە گوێگرانی، پەیامەکەشی لە چوارچێوەی کولتوور و ڕێساکانی کۆمەڵایەتیدا دەخوێنرێتەوە و لێک دەدرێتەوە.

بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی والاتر بۆ دیاردەی

خۆبێژی بخرێتە بەردەست، دەتوانین بڵێین کردارێکی دەستبەجێی گۆرانیبێژ/ مۆزیکژەنە لە یەک کاتدا نمایشکردن و دانانی/ژەنینی وشە/ مۆزیک پێکەوە دەکرێن و لەو کاتەی بە گوتن/ ژەنینەوە سەرقاڵە، هەر لە هەمان ساتیشدا بڕیاری وشە/ دەنگ و ئاوازی دوای ئەوە دەدات و یەک لە دوای یەک دێنە پێش، تێیدا بیرۆکەکان لە مێشکدا هەڵدەقوڵێن و یەکجێ جێبەجێ دەکرێن، ئەوجا بۆ زنجیرەسازیی وشەکان بێت، یان ئاواز و دەنگەکانی مۆزیک بێت.

بیردۆزی کولتووری زارەکی (بە بیردۆزی پاری -لۆرد)یش ناسراوە، شۆڕشی لە توێژینەوەی سەبارەت بە هۆنراوە زارەکییەکانی کۆن و باو داهێنا. تۆمارەکانی لە یوگۆسلاڤیا، لە ساڵی ١٩٣٠ کۆکراونەتەوە پیشانی دەدەن چۆن تەنانەت گۆرانیبێژە نەخوێندەوارەکانیش دەتوانن هۆنراوەی هەزار دێڕیش، بێ ئەوەی لەبەری بکەن، بڵێنەوە و بکەنە گۆرانی. لۆرد گواستنەوەی ناسەوانیی (معرفة) ئەو جۆرە گۆرانییانەی یۆگۆسلاڤەکان (سربەکان، کرواتەکان .. تاد) لەگەڵ ئامێری یەک ژێی (گوسلار) لە وەستاوە بۆ شاگرد باس دەکات. گۆرانیبێژێکی وەک ئاڤدۆ میدیێدۆڤیچ Avdo Međedović توانایی گۆرانیگوتنی درێژی هەبووە.

لە دوو تۆماری جیای داستانێکیدا/ گۆرانییەکیدا، ئەگەرچی بابەتەکە هەمان بابەت بووە، بەڵام ڕستە و وشەکان جیا بوون و تەواو وەک یەکتری نەبوون. بەو پێیە هەڵبەستەکان لە کاتی گۆرانیگوتنەکەدا دادەڕێژرێن و بەپێی سات ڕێک دەخرێن، کەواتە گۆرانیبێژانی خۆبێژ هەڵبەست و دەق لەبەر ناکەن، بەڵام یاساکانی داڕشتن و بەرهەمە کولتوورییەکان بە باشی دەزانن و بەکاردەهێنن. بۆ ئەو جۆرە گۆرانیبێژانە درێژیی



حەسەن زیرەک

بابەت گرفت نییە، بە پێی پێویست و ئارەزووی خۆی درێژ، یان کورتی دەکاتەوە.

بە وردبوونەوەی «لۆرد Lord» لە تۆمار و کاری مەیدانی «پاری Parry» سەرنجی لەوە داوە «کاتێک نووسین دێتە ناو کولتوورە زارەکییەکان و تۆمارکردن دێتە ئاراوە، بەرە بەرە کولتوورەکە لە زارەکی بۆ نووسراو دەگۆڕێت. لەگەڵ دەستپێکردنی گۆرانیبێژ، تەنانەت ئەگەر نەخوێندەواریش بێت، تەکنیکەکانی داهێنان و داڕشتنی دەق دەپووکێنەوە، کەواتە کاتێک نووسین دێتە ناو کولتوورێک، ئەوە کولتوورەکە توانایی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی وەستا بۆ شاگردی نامێنێت و بەو کارەیش بەهرەی نوێی لەو جۆرە لەناو خەڵکدا دەپووکێتەوە و بەرەو نەمان دەڕوات.

لە کولتووری زارەکیدا مرۆڤ چەقە، زۆربەی خەسڵەتەکانی هزر و دەربڕین بە توندی لەگەڵ دەنگدا گرێ دراون. بۆ خۆبێژ، وشە و ڕستەکان

دەڕژێنە ناو مێشک و سەر زمانی گۆرانیبێژی کولتووری زارەکی، ئەویش وەستای ڕێزمان و واتاکانی وشەکانی ناو کولتووری خۆیەتی، لە واتای وشەکانەوە داستان و بەسەرهاتەکان وێنا دەکات و دادەڕێژێتەوە. گۆرانیبێژی کولتووریی زارەکی بێ ئەوەی گوێ بداتە درێژی و کورتیی دەقەکانی ڕەسەنانە دەیانڵێتەوە، دەستبەجێ ئامادەیە دێڕی دواتر و دواتر بهۆنێتەوە و هەمووی لێک گرێ بداتەوە.

هونەرمەندی میللی قادر غەریب (بە قالە بۆکانی/ قالە بزروک – یش ناسراوە) لە دیمانەیەکی تایبەت لە گەڵیدا کە لە ٢٠٢٣ کراوە، دەڵێت سی بەیتی کوردی دەزانم (هاژە، ٢٠٢٣)، بێجگە لەوەی قادر غەریب بۆ خۆی زۆر بە سەلیقە و کارامەیە، خۆبێژێکی کەم وێنەیش بووە. نزیکە ئەستەمە هیچ کەسێک سی بەیت لەبەر بکات و هەموو جارێک وەک یەکی بڵێتەوە، لەبەر ئەوە (قادر غەریب)یش بەپێی پێویستی و شوێنی گێڕانەوەکەی خۆبێژی تێدا کردوون و چۆنی ویستووە درێژ و کورتی کردوونەتەوە، چونکە ئەو کارە بەبێ توانایی خۆبێژی ناکرێت. لەو کاتەدا بۆ هونەرمەند بژاردەیەک نییە بیگرێتە بەر، داهێنانی دەستبەجێیانە و گەڕانەوە بۆ کلێشەکان وەک ئەوەی «لۆرد» لێیەوە دواوە، تاکە چارەسەر و ڕێگەیە، بۆیە کەسی گۆرانیبێژ لەو بارەدا خۆبێژی دەکات. لە جیاتی ئەوەی بە دوای وشەکاندا بگەڕێت، بە دوای کلێشەکاندا دەگەڕێت تا وشەکانی لەناودا دانێت.

بەو پێیە لە کولتووری زارەکیدا خۆبێژی هەر بە سروشتی خۆی کردەیەکی پێویست و داواکراوە، چونکە لەو کولتوورەدا هیچ تۆمارێک لەدەرەوەی مێشکدا نییە، خۆبێژی تاکە ڕێگەی بەکاربردنە، کردەیەکی جوانکاری نییە، بەڵکوو میکانیزمی بنەڕەتیی بیرەوەری کولتووری و گواستنەوەیەتی (Lord, 1960) و (Havelock, 1963) و (Ong, 2002). هەڵبەت لە کولتووری زارەکیدا مەبەستی خۆبێژی زۆرتر بۆ دەقەکانە نەوەک چۆنیەتی بەجێهێنانی (اداء). ئیمیل دورکهایم Émile Durkheim لە کتێبی یاساکانی ڕێبازی کۆمەڵناسی The Rules of Sociological Method لە ساڵی ١٨٩٨دا بڵاو کراوەتەوە، گفتوگۆ سەبارەت بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و نووسیویەتی: «کاتێک لێکدانەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەین، پێویستە بە جیا لە دوای هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە بگەڕێین و ئەو ئەرکەی ئەو دیاردەیە جێبەجێی دەکات دەستنیشان بکەین. دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەین ئایا ئەو دیاردەیەی لێی دەکۆڵینەوە پێوەندیی لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە هەیە و ئەو پێوەندییە چۆنە؟ (Durkheim, 1982, p. 123).

بە پێی لێکدانەوەکانی «پاری و لۆرد» و ئەو بیردۆزەی لەوانەوە داکەوتووە، خۆبێژی لە گۆرانیی کوردیدا وەک هەر کولتوورێکی زارەکیی دیکە، تەنیا نمایشێکی هونەری نییە بەڵکوو سیستمێکی زارەکی- کلێشەیی دروستکراوە (پاری- لۆرد) و ئەرکێکی کۆمەڵایەتی قووڵ و هەستیار بەجێ دەگەیەنێت (مێریام و دورکهایم). ئامانج غازی خۆبێژی لە ناو کولتووری کوردیدا دەکاتە دوو جۆر و بە ئازاد و سنووردار ناویان دەبات. ئازاد، بە بەهرە و توانایی کەسی خۆبێژەوە بەڕێوە دەچێت، بەبێ پلاندانان، یان بەبێ ئەوەی پێشوەختە پەنا بۆ فۆرمولەیەکی دیاریکراو ببات، یان لە یادەوەریدا پارێزراو

بێت، هەرچی سنووردارپشە، خۆبێژییەکەی تێدا «سکۆر»ی بەرهەمەکە بەکار دەهێنێت. هەر ئەم جۆرە پێکهاتە موزیکییەیشە، کە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای خۆبێژییەکان بنیاد نراوە و دواتر گەڵاڵە بووە (غازی , ٢٠٢٤ , لاپەڕە ١٩٣)

خۆبێژەکان لە کولتووری گۆرانی و موزیکی کوردیدا هەبوون، تۆماری کولتووری کوردی تەنیا سەد و بیست ساڵێکە هەیە، ئەوانەی بەر لەو مێژووە هەبوون، هەموویان فەوتان و نەمان، مەگەر لە زاری خۆبێژانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەبووبن. بە دەرکەوتنی نووسین و تۆمارکردن، کۆمەڵگەکانی کوردەواری لە لادێکانی بنارەکانی زاگرۆسدا ئەرکی ئامادەکردنی خۆبێژانی نوێیان لێ ستێنرایەوە و درایە پەیمانگە و ناوەندەکانی خوێندن و بە نۆتە و نووسراوی سەردەمیانەی خۆراوایانە بە جێ دەگەیەنرێن و گۆرانیبێژەکان ئامادە دەکەن، بەڵام خۆبێژ نین. لەم باسەدا گرنگترین پرسیار ئەوەیە بۆچی کولتووری زارەکی خۆبێژ بەرهەم دەهێنێت؟

بیردۆزی زارەکی- کلێشەیی (پاری-لۆرد) (١٩٦٠) دەڵێت لە نەبوونی نووسین و تۆماردا بیری مرۆڤ ناتوانێت وشە بە وشەی دەق و گێڕانەوەی درێژ ئەزبەر بکات و هەڵگرێت، خۆگونجاندنی کۆمەڵگەکان و مرۆڤ بۆ ئەو هەلومەرجە ئەوە بووە زمانێکی تایبەتی شیعرانە پەرە پێ بدات، کە لە برگەی کلێشەیی پێکهاتبێت، ڕەزمێکی هەبێت و توانایی بەکارهێنانەوەی تیدا بێت. ئەو سیستەمە گێڕانەوەی ئاسایی چیرۆکی لە کەس ناوێت، بەڵکوو کەسانی بە توانایی دەوێت ئاوازیان لە مێشکدا هەبێت و بە ڕەزمەوە برگە کلێشەییەکان ڕێک بخات. بتوانێت فەرهەنگی زمانی خۆی بە کار بهێنێت و چیرۆکەکانی لێوە بهۆنێتەوە، هەر لە پاڵەوانیەتی و شکۆی باب و باپیران، تا دەگاتە کۆچ و بۆنە و ڕێوڕەسمەکان، بەو میکانیزمە زانیاری و ناسەوانی (وەک یاسا و ڕێساکان، دابونەریتەکان، وەرزەکانی کشتوکاڵ و زۆرکردنی بەرهەم، کات و شوێنەکانی ڕاوی باش، ناوچەکانی تایبەت بە خێڵ و لادێ، مێژووی هاوبەشیان، یان هەر مەرجێکی دڵنیابوونەوەی مانەوە و بەردەوامبوون (survival) هەڵدەگیرێن و لە فەوتان ڕزگاریان دەبێت، ئەویشیان دەبێتە بیرگە و هۆشی بەکۆمەڵی کۆمەڵگە و لە هۆشی کۆمەڵایەتیدا بۆ نەوەی داهاتوو بەکار دێتەوە. سیستمی زارەکی- کلێشەیی وەک تەکنۆلۆژیای سەردەمیانەی پێشکەوتنی مرۆڤ کاری کردووە.

خۆبێژان لە ناو کولتوورە زارەکییەکاندا ئەرکیان هەبووە، کۆمەڵگە و کولتوورەکەیان کەسانی خۆبێژیان داهێناوە تا ئەو ئەرکانە لە کۆمەڵگەدا بەجێ بهێنن. ئەرکی کەسی کارامە/ شارەزا ئەوەیە دەبێتە ئەڵقەی پێوەندیی نێوان کەسەکە و ئەو ئەرکەی لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا لەسەر شانیەتی» (Mieg, 2006, p. 761).

بۆچوونی «میگ» لە بەشی چل و یەکی کتێبی (ڕێبەری کامبریج بۆ کارامەیی و بەجێهانانی کارامانە/ شارەزایانە The Cambridge Handbook of Expertise and Expert Performance) ئاماژە بەوە دەکات. خۆبێژیی گۆرانیی کوردی لە کۆی دیمەنی گۆرانی و موزیکی کوردی جیا ناکرێتەوە، کەواتە بەشێکی ئەو ئەرکانەی کۆمەڵی کوردەواری بە موزیک و گۆرانیی کوردی سپاردوون بەر خۆبێژی دەکەوێت، یان باشتریش وایە بگوترێت خۆبێژی لە ناو کرۆکی ئەو ئەرکەدایە گۆرانی و موزیکی کوردی بەرانبەر کۆمەڵگە کوردییەکان هەیبووە.

بەو پێیە خۆبێژی بەرهەمی کۆی کولتووری گۆرانی و موزیکی کوردین و هەڵقوڵاوی هەمان سەرچاوەیشە.

کولتوورەکان کۆیادی کۆمەڵە خەڵکێکن بە درێژایی چەندان سەدە کەڵەکە بوون، ئەوانیش لە نەتەوە و کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازن، بۆیە بەرهەمی جیاوازیان لە ناو کولتووردا هەن. بۆ ئامادەکردنی کەسێک تا ببێتە خۆبێژێکی کارای ناو کولتوورێک بەشێکی ئەو هێزانەی پێویستن لە زماندان، **یەکەم:** وشەمەنی، واتا چەندە ئەو کەسە توانایی هەڵگرتن و بیرهاتنەوەی زاراوە و وشەی جۆراوجۆری ناو زمانەکەی هەیە تا بتوانێت لە کۆگەیەکی گەورەی پڕ وشەدا باشترینیان بەپێی پێویست بهێنێتەوە یاد و بە کاری بهێنێت. نموونەی وشەی ڕەسەن و دێرینی کوردی لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکدا بە ئاسانی بەدی دەکرێن.

**دووەم:** شارەزابوون لە ڕەزمی گۆرانی و کورتی و درێژی کاتەکانی بەپێی ئاوازەکان و بڕگەکانی موزیکی گۆرانی.

لە باسی بەکارهێنانی کلێشەکاندا دەبینین حەسەن زیرەک هەرنەبێت سێ جۆر لە گۆرانیی «خەمخۆر و خوێنشیرینم»ی تۆمار کردووە، ئەوەی عوسمان شارباژێڕی (١٩٨٠) لە کتێبی «گەوهەرێ» نووسیویەتەوە دوو دەقن، یان دوو هۆنراوەن لە یەکتری جیان، هەردووکیشیان تەواو لەو تۆمارەی لە ڕادیۆی بەغدا بۆی کراوە جیایە. بە هەمان جۆر دەقی گۆرانیی «کیژان دەچنە مێرگولان» لە کتێبی «گەوهەرێ»دا لەگەڵ ئەوەی لە سلێمانی تۆمار کراوە و بە ئاهەنگی «قازیاوا» ناسراوە، کەمێک جودایە، هەردووکیشیان لە تۆمارێکی دیکەی هەمان گۆرانی جیان، ئەو تۆمارەی دوایی بەپێی دەنگی ئامێری تار، لەوە دەچێت لە ڕۆژهەڵات تۆمار کرابێت، هەموو کۆپلە و دێڕەکان لە هەرسێ تۆماردا وەک یەک نین، بەپێی ئەوەی بۆی هاتووە دەیڵێتەوە و گۆڕانکاری دەکات. تۆمارەکانی گۆرانیی «کوێستانان خاڵ خاڵ» لەگەڵ ئەوەی لە کتێبی (گەوهەرێ)دا هاتووە و ئەوەی لە ماڵی ئەحمەدی قەساب تۆمار کراوە، هەمان جێگۆڕکێ لە ڕستە و وشەکاندا هەیە. لە کتێبەکەدا ناوی هەمان گۆرانی بە «فاتمۆکێ» نووسراوە. نموونەکانی دی لەو جۆرە یەکجار زۆرن، پێویست نییە بە هەموویاندا بچینەوە، مەبەست لەوەیە «زیرەک» چەندە شارەزایانە چەمکی «کلێشە»ی وەک ئەوەی لە بیردۆزەکەی «پاری و لۆرد»دا هاتووە بەکارهێناوە و چەندە لێزانانە لە نێوان گۆرانییەکانیدا هاتوچوونیان پێ دەکات، ئەو شارەزاییە تەنیا تایبەت بە «زیرەک» نییە، لەلای زۆری دیکەی هونەرمەندانی خۆبێژی بەند و بەیتبێژدا دیارە، نموونەکان زۆرن.

دیمۆ زۆگیچ Đemo Zogićی یۆگۆسلاڤیایی هەر گۆرانییەکی گوێ لێ بووبێت توانیویەتی بێ هیچ هەڵەیەک وشە بە وشە، هەر دەم و دەست وەک خۆی بیڵێتەوە (Lord, 1960, p. 26). لە بەراوردی «زۆگیچ» لەگەڵ نموونەیەکی کوردی وەک حەسەن زیرەک، یان (قادر غەریب)دا، دەبینین توانایی «زیرەک» و «قادر غەریب» زۆر سەرنجڕاکێشتر بوون، تا دەگاتە ئەوەی دەم و دەست توانیویانە گۆرانییەک بڵێنەوە ئێستە گوێیان لێی بووە، وەک ئەوەی قادر غەریب دەیگێڕێتەوە و لەگەڵ حەسەن زیرەک گۆرانی هەنار هەنارە دەڵێتەوە. چیرۆکی گۆرانیی «دوکتۆر»، یان «بێ دوکتۆر دەوا و دەرمان»،

لەگەڵ «فاتیمە زەرگەری»ی ڕەچەڵەک ئازەری سەلمێنەری ئەو تواناییە بێوێنانەی «زیرەک»ن و پێگەی حەسەن زیرەک لە کولتووری گۆرانی و موزیکی کوردیدا دەردەخات. باسە گرنگەکە ئەوەیە «زیرەک» پێشتر ئەو گۆرانییەی نەزانیوە و نەبیستووە، بەڵام دەستبەجێ لەگەڵ «زەرگەری» دەیڵێتەوە. چۆنیەتیی گێڕانەوە و ڕوودانی چیرۆکەکە بۆ باسی ئەم وتارە گرنگ نییە، بەڵام توانایی و کارامەیی «زیرەک» لەو گۆرانییەدا دووپات دەکاتەوە.

بەرهەمەکانی سەبارەت بە حەسەن زیرەک هەن هەموویان باسی ژیانی ناخۆشی ئەو دەکەن و بەسەرهاتەکانی دەگێڕنەوە، بەڵام تێمان ناگەیەنن بۆچی لەگەڵ ئەو هەموو دەردەسەریانەیشی ئەوەندە پڕبەرهەم بووە، بۆچی حەسەن زیرەک لە ناو خۆبێژە ناسراوەکانی کورددا تاکە؟ قادر غەریب لە وەسفیدا دەڵێت: «حەسەن زیرەک نە بووە و نە دەشبێتەوە، ئەو بەهارە، بەڵاڵوکە، قەیسییە، سێوە و هەنارە، هەرچی گوتوویەتی بۆنی کوێستانەکانی لێ دێت» (هاژە , ٢٠٢٣). موجتەبای میرزادەیش سەبارەت بە حەسەن زیرەک دەڵێت: «کاتێک زیرەک دەهاتە ستۆدیۆ هەر هەمان ڕۆژ دەق و ئاوازی دادەنا، من دەبوو ڕێکی بخەم، نۆتەی بۆ دابنێم و تۆماری بکەم. ڕۆژی دوای ئەوە دەقێکی دیکە و ئاوازێکی دیکەی دەبوو. حەسەن زیرەک دەریا بوو، لووتکەی داهێنانی دەق، ئاواز و شێوازی گۆرانیگوتن بوو (میرزادە، ٢٠٠١ و شانشین، ١٩٩٩).

فەیلەسووف و دەروونناسی ئەمەریکایی فرانک بارۆن Frank Barron سەبارەت بە ئافراندن دەڵێت «کەسانی ئافرێنەر زۆرتر لەگەڵ ئاڵۆزی و هەڕەمەکی/ پشێویدا کۆکن. ڕاستییەکەی، ئاڵۆزییان پێ لە سادەیی پەسەندترە، ئەوان شەیدای ئاڵۆزین و بە لایدا دەشکێنەوە، پێی دەورووژێن و دەخرۆشین، ئاڵۆزی هەستیان دەجوولێنێت و لە ئاڵۆزی ناترسن» (Montuori, 2003, pp. 242-243). لەسەر بنەمای ئەوەی سەرەوە دەتوانم بێ هیچ گومانێک بڵێم حەسەن زیرەک لە ناخ و مێشکدا ئەفرێنەر بووە، بۆیە نەیتوانیوە لە ناو سیستمەکاندا جێگیر بمێنێتەوە، لە یەک شار و گوندیش نەماوەتەوە، هەردەم گەڕاوە و ژیانیشی ئاڵۆز بووە. ئەو جۆرە ژیانەی «زیرەک» تەواو ئەوەیە کە ئەوان ناتوانن بەئاسانی لە سادەییدا بمێننەوە، بۆیە لەو کەش و هەلومەرجانەی ژیانیان ئاڵۆز دەکات و ناسەقامگیریان دەکات، ئەوان لەو دەریایەدا مەلە دەزانن، ئافراندنیان وەک فوارە پەرشوبڵاودەبێتەوە، بەڵگەکانی ئەو لێکدانەوەیەیش ئەوەتان لە بەرهەمەکانی «زیرەک»دان. محەمەدی حەمەباقی دەگێڕێتەوە و بە چاوی خۆی سەرنجی لەو سیفەتەی حەسەن زیرەک داوە، کاتێک هەردووکیان لە سلێمانی بەند بوون، «حەسەن زیرەک دەیگوت، ئەسپێک لە سنگمدایە هەردەم سمکۆڵ دەکات، حەز دەکات هەڵمگرێت و بڕوات. نەیدەتوانی بەئاسانی لەناو ئەو چوارچێوەیەی بەندیخانە بمێنێتەوە، بۆیە هەوڵی دەدا بە هەڵواسینی وێنە لەسەر دیوارەکان بیگۆڕێت. زیرەک هەڵپەی دەکرد تا بتوانێت زانیاریی هونەر و بەستەی کوردی کۆبکاتەوە» (غەریب، ٢٠٢٥).

«زیرەک» تەنانەت لەناو سیستمە سیاسییە وشکەکانی کاتی ژیانیدا نەگیرساوەتەوە و نەیتوانیوە مێشکی خۆی و بۆچوونەکانی لە چوارچێوە بدات و سنووریان بۆ بکێشێت، بۆیە لەنێوان شارەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا بەردەوام گەشتی کردووە و لەو ناوەندەدا زۆریشی بەسەر

هاتووە. دروستە ئەو بەسەرهاتانە بەشێکی ناخۆش و تاریکی ژیانی بوون، بەڵام لەناو ئەوانەدا ئافراندنی بۆ هاتووە و لەناو ئەو چەرمەسەری و دەردەسەرییەیدا بەئاسانی خۆی ڕزگار کردووە و بەرهەمی نوێی ئامادەکردووە. ئەگەر ژیانی «زیرەک» ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی تێدا نەبووایە، لەوانەیە ئەوەندەیش داهێنان و ئافراندنی بۆ نەدەلوا.

عوسمان شارباژێڕی وەک فیلمێکی سینەمایی وەسفکاری لە گۆرانیی «کیژان دەچنە مێرگوڵان»ی حەسەن زیرەک دەڕوانێت، بەڵام دەبینین سەید عەلی سەردەشتی بە جۆرێکی دیکە هەمان وەسفی ورد و وێناکردنی هەیە کاتێک لە بەندی «یاڵڵا مسافر»دا دەڵێت:

**بۆخۆم زۆرجاران دەڵێم، خۆزگە بە ئاوی کانی**
**ئەو کچە ئەگەر هەڵدەستێ، سبحەینان زوو بەیانی**
**بە دەستی خۆی دەینێرێ، بۆ هانیە و نێوچەوانی**
**قەترە قەترە دێنە خوار، تا دێتە سەر کوڵمانی**
**هیچ لەوێ ڕاناوەستێ، لەبەر ناسکی و نەرمیانی**
**لەگەردنی زەردی داڵێ (١)، دەگەڵ زولف و مورووانی**
**لەوێش دەخزێ وەک مار، بۆ نێو سنگ و مەمکانی**
**لەو دوو هەناری داڵێ، بێ پرسی باخەوانی**

ئەو جۆرە هۆنینەوانەی «زیرەک» و «سەردەشتی» بنەماکانی بیردۆزی زارەکی-کلێشەیی نابەزێنن، بەڵکوو هەر لە ناخەوە گۆڕانیان تێدا کردووە، «زیرەک» و «سەردەشتی» کلێشەی نوێیان نەخستووەتە ناو سیستەم، بەڵکوو ڕێگەی نوێ بۆ داهێنان و پێکەوەبەستنەوەی کلێشە کۆنەکان دەدۆزنەوە کە ئەنجامی بیرکردنەوەی زنجیرەیی و جیاوازن لە مێشکی «زیرەک» و «سەردەشتی»دا بەرهەم هاتوون، ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن بڵێم حەسەن زیرەک و سەید عەلی سەردەشتی سەرمایەیەکی کولتووری یەکجار مەزنیان هەبووە و یەکجار کارایانەیش کاریان پێ کردووە.

پێچەوانەی بۆچوونی ئەوەی بڵێت حەسەن زیرەک گۆرانیبێژێکی میللی ئاسایی بووە، «زیرەک» وەک کەسایەتییەکی لادێکانی زاگرۆس ژیانی لەگەڵ خەسڵەتەکانی بلیمەتبووندا تەریب کردووە و گوزەراندووە، توخمەکانی کولتووری زارەکی کوردەواری بە تەواوی مژیوە، لە دامێنی زاگرۆسدا «زیرەک» شێوازی نائاسایی (دوور لە قوتابخانە و پەیمانگەی هونەری) فێربوونی بۆ لواوە، بەهرەکانی لە زەماوەند و کولتووری دەوڵەمەندی باب و باپیرانییەوە چرۆی کردووە. لەو بارودۆخەدا بلیمەتی و کولتوور ئاوێتەیەکی ئاسایی و سادە نین، ناچارانە تێکەڵ بوون و لە ئەنجامدا هێزێکی داهێنەرانەی هەرە تاک و مەزنیان لە گۆرانیی کوردیدا تەقاندەوە، بۆیە «زیرەک» بەرهەمهێنەرێکی بێوێنەی کولتووری گۆرانیی کوردییە.

حەسەن زیرەک پیشاندەری ڕاستییەکە دەڵێت بەدەر لە سەنتەری ئەکادیمی و زانستی سەردەمیانەی ئاواز و گۆرانی، بەدەر لە هەوڵ و تەقەللای زانستییانەی دەستگەیشتن بە زانیاریی سەردەمیانە، بەدەر لە ڕێسا و یاساکانی فێربوون و بیردۆزەکانی فێرکردن، دەکرێت بنەچەی بلیمەتێک لە قووڵایی نەریت و کولتوورێکی زارەکیدا بێت، کولتوورێک هەزاران ساڵە لە درەوشانەوە بەردەوامە و وەک سیستمێکی تۆکمە و توند چەند هەزار ساڵێکە بەردەوام خۆبێژەکان بەرهەم دەهێنێتەوە. دەکرێت بڵێین ئەوە کولتووری کوردییە بلیمەتەکانی بەرهەم هێناوە، ئەوە ئەو کولتوورەیە هەموو مەرجەکانی پتەوی، قووڵایی مێژوویی و قووڵایی کۆمەڵایەتیی هەیە، بۆیە خۆبێژە هەرە شارەزاکانی پێشکەشی کورد کردووە.

**سەرچاوەکان:**

Durkheim, E. (1982). The Rules of Sociological Method. New York: The Free Press.

Feld, S. (1984). Communication, Music, and Speech about Music. Yearbook for Traditional Music, 16, 1-18.

Havelock, E. (1963). Preface to Plato. The Belknap Press Of Harvard University Press.

Lord, A. (1960). The Singer of Tales. Harvard University Press.

Mieg, H. A. (2006). Social and Sociological Factors in the Development of Expertise. In The Cambridge Handbook of Experties and Erpert Performance (pp. 743-760). Cambridge University Press.

Montuori, A. (2003). The complexity of improvisation and the improvisation of complexity: Social science, art and creativity. Human Relations, 56(2), 237-255.

Ong, W. J. (1982). Orality and Literacy: The Technologizing of the Word. Methuen & Co. Ltd.

شاربازێڕی، ع. (١٩٨٠). گەوهەرێ.

شانشین، (١٩٩٩)، یادی حەسەن زیرەک، بەرنامەی شانشین. مێد تی ڤی.

غازی، ئ، (٢٠٢٤)، ئیمپرۆڤیزەکردن و پێرفۆرمەنسی هونەری لە فۆرمەکانی گۆرانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٨ (٢)، ١٨٦ -٢٠٥. doi:https://doi.org/10.21271/zjhs.28.2.10

غەریب، هـ. (بەرهەمهێنەر)، (٢٠٢٥)، زیرەک [وێنەی جووڵاو]، هەرێمی کوردستان: تەلەڤزیۆنی ڕووداو. لە https://www.youtube.com/watch?v=IhOGYL_Vkuo وەرگیراوە.

میرزادە، م. (٢٠٠١). گفتوگۆیەک لەگەڵ موزیسیانی گەورە موجتەبای میرزادە، کەناڵی کوردسات، لە https://www.youtube.com/watch?v=K-lyb_tM943k وەرگیراوە.

هاژە، (٢٠٢٣)، قادر غەریب، ئەرشیفێکی زیندووی بەیتی کوردی، هاژە ڤیدیۆ، لە https://www.youtube.com/watch?v=6VN0yQOF1m4 وەرگیراوە.

**پەراوێز:**

(١) داڵێ، واتا دەئاڵێ، یان دەهاڵێ، وەک تێی دەئاڵێ، یان تێی دەهاڵێ.